بانگەواز ;
بۆ سەرجەم دۆستان و لایەنگرانی ئازادی تاک, و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا

## ڕاگەیاندنی دەست بەکاربوونی پرۆژەی خوێندنەوە و تاووتوێکردنی بیری لیبراڵ و پێشنیاری هێڵەگشتییەکانی پارتی لیبراڵی کوردستان

بەمەبەستی ڕێگاخۆشکردن بۆ ئاسۆیەکی نوێی تێڕامان, و ڕاڤەکردنی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، بە مەبەستی پێدانی گوڕ و تینێکی نوێ بە ڕۆڵی تاک لە دەستنیشانکردنی چارەنووس و چۆنێتی ژیانیدا، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بەو بێ توانایی و نا ئومێدیەی  کە کێشە سیاسیەکانی کوردستان لە ئەمڕۆی ژیانی تاکی کوردستانیدا خولقاندویانە، پرۆژەی خوێندنەوە و تاووتوێکردنی بیری لیبراڵ و پێشنیاری هێڵەگشتییەکانی پارتی لیبراڵی کوردستان خۆی ڕادەگەیەنێت.

پرۆژەکە ئاراستەی هەر تاکێکی کوردوستانیە و مەرجی کەوتنەگەڕی بە شێوەیەکی کاریگەرانە لە سەر واقیعی کوردستان، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە بەشداربوون و بەڕێوەبردنی پرۆژەکە لەلایەن هەر تاکێکەوە، کە باوەڕی هەیە بە ماف و ئازادیەکانی تاک، ڕەوایەتی کێشەی کوردستان و گەلی کوردستان، و هەنگاونان بە ئاراستەی ئاسۆیەکی ڕووناکتر و فراوانتر بۆ ئەگەرەکانی دابینکردنی داهاتوویەکی  خۆشگوزەران و داپەروەر .

پرۆژەکە; کایەیەکی هەڵسوڕانی ئازادە بۆ هەر تاکێکی کوردستانی، کە بخوازێت لە بوونیاد و بەریوەبردنیدا کارا بێت هەروەک چۆن کەناڵێکی پێکگەیشتن و گۆڕینەوەی بیر و ڕایە بۆ سەرجەم ئەو هەڵسەنگاندنانەی لەچوارچێوەی لۆژیکی پرۆژەکەدا جێگایان دەبێتەوە، بە بێ گوێدانە ئەندام بوون یاخوود نەبوون لە بەڕێوەبردنی پرۆژەکەدا.

بەشداریتان مەرجی سەرکەوتن و بە ئاکام گەیشتنی پرۆژەکەیە.

دەستەی کاتی کارگێری
2005-07-17